# خضیرطاهروهاوبیرانی وا ئەزانن کە تائێستاش هەر ابوعدي سەرۆکە.!

## کەمال ڕەئوف

چەند ڕۆژێکە لەنێو ڕۆشنبیرانی عەرەب مشتوومڕ لەسەر مەسەلەی فیدراڵیەت گەرمەوگەیشتووەتە کەشکەلانی فەلەك, زۆربەیان باشتر وایە بلێن ئەوانەیان کەمێشکیان بەزاخاوی عروبیەت زاخدراوە دەیانەوێ بەئەقڵ و ویژدانی خۆیان گەزی تێخەن و فیدرالیەت بکەنە ئەو تەیرە جوانەی کەهەر شایستە بەئەقڵی ئەوان بێت , لەنێو هەمووئەوانەشدا بەچکە سەددامیەك بەناوی خزەیەر تاهیرەوە لە ماڵپەڕی ئیلاف لەپێنج شەمەی ڕابردوودا لەپرتەو بۆڵەیەکی هەڕەشە ئامێزانەیدا لەسەر فیدراڵیەت وویستوویەتی ئەو مەقولە جوانانەمان بیربخاتەوە کەهەر لەزاری سیخوڕو ئەمن وپیاوە ناشرینەکانی ڕژێمی کۆنەوە دەهاتنەدەرێ ,من لەوبابەتەی کەئەو نووسیوویەتی هیچ قسەیەکم لەسەر ئەوەنییە کەداکۆکی لە حیزبە کوردییەکان بکەم چونکە ئەوان خۆیان دەریایەك ئیمکاناتی مادی وماتریالی و ڕاگەیاندنیان لەبەردەستدایەو دەتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن , هەرچەندە ڕاگەیاندنی کوردی زۆر لاموبالاتە لەبەرامبە ئەو هەموو چاوپێکەوتن و لێدوانە شۆڤێنیستیانەی کەلە کەناڵەئاسمانیە عەرەبیەکاندا شەوانە سازدەکرێن و خۆیان دەکەن بەنێو ماڵی ملێونەها کەسداو ئەمانیش تەنانەت نەشیان توانیووە لەو هەمووئیمکاناتانەی کەلەناوەوەو لەهەندەران بەناوی کۆمیتەکان و ڕێکخراوو لق وچڵەکانەوە دروستکراون و بەڕێوە دەبەرێن بەشدارییەکی بەرچاویان هەبێت وداکۆکی لەخۆیان بکەن , بەلأم ئەو بەشەی کە دەیەوێت بفەلسەفێنێ و پێمان بڵێت کەدیموکراتیەت دەقێکی پیرۆزتر نییەلە یەکپارچەیی خاکی عێراق و دیموکراتیەت ڕێگە بەوەنادات کە وولأتێکی وەك عێراقی زۆرەملێ دابەش بکرێ , ئەوائەوکاتە ناتوانین ئەوەی بیر نەخەینەوە کە گەر ئەوان هێندە بەخەمی یەکپارچەیی خاك ونیشتمانی عەرەبیەوەن ئەی بۆچی شەقێك لەڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ هەڵ نادەن و خۆیان لەچەندپارچەیی ڕزگار ناکەن ؟, شۆڕشگێڕانی عەرەب جاران دەریایەك خۆینیان بۆهەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە ڕشت کە نەتەوەی عەرەبی پێ لەتوپەت کرا وسەرکردەکانی دواتری عەرەبیش دەریایەك شەرابیان بەدیار ئەو ڕێکەوتننامانە خواردەوە و دواتریش ڕێنەکەوتن لەسەر ئەوەی کەیەك بگرنەوە, خزەیر بۆناچێ لەسەرکردەکانی بپرسێتەوە کوا ڕێکەوتنەکانی یەکگرتنەوەی ساڵانی 1937کەلەنێوان عێراق و سوریاوفەلەستین و سعودیەوهەوڵەکانی 1963ی نێوان میسرو سوریاو عێراق ورێکەوتنەکانی 1971ی کە لەنێوان سوریاو میسر و لیبیاداهەبووە؟ ئەوان کەبەکردەوەناتوانن لەنێو نەتەوەی خۆیاندا وەحدەت بکەن چ عەجەب داوای یەکێتی و یەکپارچەیی خاك لەنەتەوەکانی تردەکەن ودەیانەوێت دەست بەئاکامەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەوە بگرن کەخۆشیانی کردە چەندین بەش, ئیتر بۆ لەباتی ئەوەی کەشەرمی نەتەوەیی دایگرێت دێت شانازی بەوەوە دەکات کەگوایە ئەوان نیشتمان پەروەرن وسەربازەکانی ڕژێمەکۆنەکانی عێراق لەکوردستان خۆیان داوەبەکوشت وداوای خوێنی نیشتمان پەروەری ئەوانمان لێدەکات وبەوکەسانەش دەڵێت مخەریب کەبەرگرییان لەماڵ وژیانی خۆیان کردووە ؟یان گوایە بەوەتۆمەتبارمان دەکا کەپێمان خۆشبێت و هەوڵی ئەوەمان دابێت تا ئەوان بێدەنگ بکەین لەبەرامبەر سەروەری خاك و نیشتمانەکەیاندا , بەپێچەوانەوە ئەوان خۆیان چەندین

ساڵە بێدەنگیان هەڵبژاردووە لەبەرامبەر ئەو منداڵە فەلەستینیانەی کەبەشەڕەبەرد دەیانەوێت لەفەلەستین داکۆکی لەمافەکانی خۆیان بکەن ولەدەرەوەی سنووریش زۆربەی وولاتەعەرەبیەکان لەژێرەوە شاباشی ئیسرائیلیەکان دەکەن , پێدەچێت ئەو فەرخە سەددامییە هێشتا زمان وئەقڵی بەتەواوەتی پاك نەبووبێتەوە بۆیە هەر بەزمان و ئەدەبیاتەکەی سەردەمی ئەبو عودەی لەگەڵمان دەدوێت وهەڕەشەمان لێدەکات , یان ڕەنگە ئەو برادەرە لەگوێی سەرکردەکەیدا خەوتبێت و لاشی وابێت ئێستاش هەر ئەوسەرۆك و سەرکردەیە بۆیە پێمان دەڵێت قەبارەی خۆتان بزانن باشە .

## عصابات المافيا الكردية تتحرك في كل مكان !!

خضير طاهر

الخميس 08 يناير 2004 16:35

في كل زمان ومكان، وفي جميع البلدان تعتبر وحدة الوطن ارضا وشعبا امرا مقدسا، يتقدم على كل الاولويات كالديمقراطية، وحقوق الطوائف والاعراق.

وكافة البلدان الديمقراطية تم توحيدها بواسطة القوة والدم...

وكل بلدان العالم الديمقراطي ترفض تغيير خارطتها الجغرافية بواسطة الديمقراطية، او تحت ذريعة حقوق الطوائف والاعراق، فالديمقراطية ليست نصا مقدسا فوق وحدة الوطن.

وهذه بديهيات سياسية يفترض ان تكون معلومة لدى اكراد العراق.

ولكن الذي يحدث الان من ممارسات الاكراد.. يبدو صادما ومثيرا للاشمئزاز، فالاكراد استجموا كل خشونة الصفات الجبلية، وتخلف الحياة القبلية، وشكلوا عصابات مافيا اقتحمت بغداد، وأخذت تستعرض قوتها لارهاب السياسيين، والاعلاميين من اجل انتزاع مواقف قسرية لتأييد الفدرالية الانفصالية، وقد امتد نشاط هذه المافيا الى خارج العراق واصبحت تهاجم الكتاب ووسائل الاعلام، وشتم كل من يحاول الدفاع عن وحدة العراق وشعبه ووصمه بالشوفينية، والعنصرية، والصدامية...

فهل يريدنا الاكراد خيانة وطننا والسكوت على مؤامراتهم لضرب وحدة العراق كي تعجبهم مواقفنا؟!

هل يريدنا الاكراد نسيان عشرات الالاف من الجنود العراقيين الذين سقطوا شهداء دفاعا عن وحدة العراق برصاص المخربين الاكراد؟!

كلا لن ننسى شهداء الوطن الجنود البواسل الذين كانوا يدافعون عن شرف الوطن ضد عمليات تخريب عصابات المافيا الكردية.

على الاكراد ان يعرفوا حجمهم الطبيعي، فهم يلعبون لعبة خاسرة تماما، فكل دول المنطقة تقف ضد محاولات انفصالهم عن العراق، وأمريكا لم تأتي الى العراق من اجل سواد عيونهم، وهي تريد تقديم العراق للعالم كنموذج للبلد الموحد، والديمقراطي، ولن تسمح لهم بالتشويش على مشروعها هذا.

ولاول مرة توحد الخطاب الشعبي والسياسي الشيعي، والسني، والمسيحي في العراق ضد الفدرالية، وصار الجميع يهتف بوحدة العراق.

ان الحل الوحيد لهذه القضية هو في اقامة دولة المواطنة التي يتمتع فيها كل المواطنين بنفس الحقوق والواجبات بعيدا عن الانتماء العرقي والطائفي.

kta1961@comcast.net